# گەشتێك لە نێو هۆنراوەکانی مەولەویدا

سید محمد حسینی

لەمەکە شارەمێژوییی‌و خنجیلانەکی ئێمە بە بۆنەی ئاهەنگێ رێـزنان لە پـلەو مەقامی عارف‌و خواناسی گەورەی کورد (ماموستا سید عبدالرحیم مولوی) بوە بە میوانداری تاقمێ لە ماموستایان ولّی‌کۆڵەرانـی ولاّتـەکـەمان جـێ شـانازی‌و ئیفتخاریکی هەرە مەزنە. منیش وەک‌دا نیشتۆیکی ئەم شارە وێرای بەخێرهاتن لەم بەرێزانە.

بە کوردی‌و بە کورتی دەلیم: دەستتان خۆش بـێ بـۆ ئـەو هـەمو پـێشوازی‌و ئیستقباڵە کەلەم کونگرەتان کرد. بۆ گەشەپی‌دان بە فەرهەنگی رەسەنی اسلامی و میللی یا خوا هەر خۆشبن مەتڵەبێ کە پـێشکەشتان دەکـرێ لە ژێـرناو نـیشانی (گەشتێك نێوهۆنراوە کانی مولوی دایە) کە لە زۆربەی ئەم هۆنراوانەدا مامۆستا مولوی ئاماژە بەکەندو کۆسپەکانی ژیانی خۆی دەکا. ئەڵبەت لە پیش هەمو شتیکا لە مەحزەری ئەساتید داوای لێ بوردن دەکەم چونکە دڵنیام نوسراوەکەن لە هەڵەو ئیشتباه خاڵی نی‌یە: شاعیر مەلی خوش ئاوازی چیمەن‌و گوڵزاری بیروخە یاڵە. شاعێر پەپولەیەکی رۆح سوکە کە مزگێنی شنەبای بەهاری بۆگۆلانی خەواڵودینی شاعێر جیهان جوان‌تر لە وەی کـە هـەیە پـیشان دەدا جـیهانێك پـڕ لە ئـەوین‌و خۆشەویستی‌و عیرفان‌و خواناسی لە ئـاسمانی ئـەدەبی کـوردەواریـدا سـەدان ئەستیرەی پرشنگداردە درەو شێنەوە تروسکەیان رۆشن کەرەوەی شەقامی ژینە.

یەکێ لەگەش ترینی ئەم ئەستێرانەکە لە سر ئاسۆی ساوو بی‌گەردی هەورامان

بەرانبەر بە تاڤگە بەرزو خوڕینەکانی شاهوو قەزاڵە خۆی دەنوێنێ، ماموستا سید عبدالرحیم مەولەوی یە.

شیعری مەولەوی تابلێ تەزو پاراوو بێ خەوشن‌و لە ناسکی‌داو کو گوڵاڵەی سورەی کەوساڵان وایە کە بە بارانی بەهاری شورابێ تەوە.

مەولەویش هەروە کوشا عیرانی عەرب‌و فارس هەست بە بونی خۆی دەکاو عاتیفەی ذاتی خۆی بە پوختەیی دەردەبڕی، بە دوی تقلیدانە گەڕاوەو لەهاوردنی تشبیهاتی کۆن خوی لاداوەو پنجرەیەکی بەرەو تشبیهاتی نۆی کردوتەوە. کۆتری خەیالی هەڵفڕاندوەو لەگەل قافلەی تخیل‌و ئیحساس‌دا ئینسان دەباتە سەفەر بو دنیای خوشەویستی‌و ئەوین.

نمونەیەك لەم تشبیهاتە جوانانە لە پارچە هەڵبەستی‌یەك دا یەکە لەوەدا مەولوی دەس بە داوێنی قافڵەچی دەڵی‌و پی دەلی «دخیلم من لیرەدا لە سەر بەرماڵی خەم و خەفت‌دا نیشتوم تاوی کاروانەکەت ڕابگرە چونکو زریباری فرمێسکم توغیانی کردوەو صحرای مەریوانی کردووە بە قوڕاوبەیانی هەناسەی ساردم بدالەو دەشتەو کزری بکاتەوەو ئیمجار بەرەو مقصد ڕێ کەوەو دڵیشم لەجیاتی زنگ ببەستە بە ملی ئەو وشترەوە کە لە پیش کاروانەکەوە دەڕوا

| | |
|---|---|
| قـــافەچی ئـــامان دادەن دەخـــیلم | بـــنەك دار خـــەم خـــەیلی زەلیـــلم |
| ساتێ قافلەکەت سـاکـن نـەسەیر بـۆ | یك عـەرضی دیـرم ئـوغرت خـەیربۆ |
| گـیج زرێـوار هـەرسم مـەوج وەردەن | سـارای مـەریوان تـمام هـەر کـەردەن |
| بازش هـەناسەم سـوبـوە نـەش دەرۆ | یـەخ کـەرو قـەتار ئـاسان بـویە ڕۆ |
| زەنگ دڵەی تـنگ زایـلەی صـدرەنگ | پیکای تای دەرد ریشەی خەم گوڵەنگ |
| وەزان نـەگـەردەن بـەرزپیشاهەنگ | بشو بدودەنگ فەرسەنگ‌و فـەرسەنگ |
| مـەدەد یـا عـلی پـی سفر کـەرمیل | مـنزڵ‌و مـنزڵ تـا مـنزڵگای لیـل |

سید عبدالرحیم که ناسناوی شیعریەکەی معدومییی‌یە هەتا ئیستا لە مەیدانی شیعری کوردی‌دا هیچ سوار چاکێك تۆزی نشکاندوە ئیمانو باوەڕێ ڕاستەقینەوەها تەعەهودیکی أدبیو اخلاقی داوە بە شیعری ئەو کە تەنانەت لە هەربەیتو میصراعیکدا بۆنو بەرامەی عیرفانو خواناسی لێ دێ:

جەهەر تەرفدا مەوینون گولزار ڕەنگ ڕەنگ مەدرەو شوبە وێنەی دڵدار
لالە گردن کەچ تۆی دێدەڕە مشتەن گۆیا عەکس یار وەڕۆشداوە شتەن

بەلی عارف بو هەرکوی بڕوانیو سەرنجەی هەر کۆی بدا جەگەلە قامتی ڕەعنای مەعشوقێ ڕاستەقینە هیچ شتی‌تر نابینی.

تۆماری ژیانێ ئەم شاعیرە بەرزە بە دونیایەك پڕ لە کلۆلیو کوێرەوەری دەس پی دەکاو تادوا روژی ژین ئەم کویرەوری‌یە هەر بەشی ئەبێو دەستی لەکۆڵ ناکاتەوە.

هەژاریکە هیچ ئاشتە بایی‌شك ناباو شانی‌داوە تەبەر گرانایی باری ژیان ناوی ژیانی رەحت ئاسودەی جارجار لە خەڵکەوە بەگوێ گەی‌وەو عەمەلەن نەی‌دی‌وە کە شادمانی بەری چەدارێکەو لەوەڕێ چ هەواریکە بەختەکەی وەکوساڵی بێ‌باران شومەومەز رای شانسو ئیقباڵی شەختە لی‌دەدا.

ئای بختم توغیان وێران ماڵیشەن گەرمەسیر دڵ سیاسالیشەن
کزەی ڕەشەبای هناسان سرد سیاماڵ عەیش تختە تختە کەرد
هناسەی سەردم نەدل خێزاوە خیلی خانەی کیفم هەوار بیزاوە
ویشومەی مەینەت تەم أنگێزاوە وەلگەکەی شادی سەر تەل ڕیزاوە
جوی چەتە شوقم هەم یخ کەردەوە مەزرەعەی بختم شەختە بەردەوە

لە بەهاریکی خەمناکدا عنبر خاتون کەیەکی لەسەر چاوە هەرە گرینگەکانی

ژیانو شیعری مەولەوی بووە کۆچی دوای دەکا ئەم کارەساتە دلتەزێنە بوتە هوی سوتاندنی حوجرەی دەرونی مەولەوی، ناڵە لە گیانو دڵی دەخاو دەڵی: ئیمسال تازە بهار وەکو گەڵارێزانی لیهاتوە چونکە بەری گوڵی باخی معدومی هەلوە راندوبردی بو کیوان ئەبی بختو نگینی من بەپیچەوانە بێ ئەگیناکێ دیویەتی بەبهارا گول هالوەری.

بەم جورە گژەبای مەرگ گولی عنبر لە سرمیشکی مەولەوی دور دەخاتەوە:

ئیمسال نەووەهار چون خەزانسرد بەرگ وەرد باغ معدوم بەرد پەی هەرد
مشیو تاڵەی من خیلاف انگیز بو وەرنەکەی کێ دی وەهار گوڵ ریز بو
بوی عنبر نەتوی دەماخم دەور کەرد فرستش هاورد هەوای وەبای دەرد

به پینوسراوەکانی ماموستا علاءالدین سجادی عنبر خاتون لە بنەماڵەی ئەو ئەفغانی‌یە کوچە رانەبووە کە لە دێ چروستانە نیشتەجی بوون وە ڕەنگە هوی ناسراوی سید عبدالرحیم بە مەولەوی هەر ئەوان بوبیتن چونکو مسلمانانی حەنەفی مذهب بە ماموستای ئائینی دەڵین (مولوی).

دوای ماوەیەك نەك هەر حوجرەی دلی بەڵکو حوجرەی کتیبەکانیشی کە حاصلی تەمەنیك تیبینیو تەحصیل بودە دەسووتێ مەولەوی پەژارەو کەسەری دەرونی خوی سەبارەت بەم روداوەش ئاوا دەردەبری:

دەمەی هناسەی گەرم تارەکەم جە کورەی دەرون پڕ جە خارەکەم
ئاهیردان حوجرەی دڵەی پوڕ دەردم سوخنان کتاوو مجموعەی فەردم

لی قەوماویو کارەساتی دڵ تەزین بەسەر ئەمەشداو لە مەولەوی ناهێنیو ٧ سال پیش لە مردنی چاوە ماندوەکانی سۆمایان نامینی دونیای ڕونی لێ تاریك دەبێ ئەم ڕوداوە کە تأثیرێکی زور قوڵی لە ژیانی مولویدا داناوە لەم چەن

شیعرەیدا بەباشی دەردەکەوێ:

ئەش ئامای وەخیر هەی بەرگوزیدە بونەجای مردوم جاگرنە دیدە

خیلین بینایی، جەدیدەم نەمان بەل صوڵحشا بو بینایی و چەمان

بینایی دیدەم تو وەسەلامەت دیدەنی دیدار کەفت ئەو قیامەت

ئەر بینش نەیەن ئەی ئاوات وازم باز هەر تسکینن گوش و ئاوازم

شاعیرانی گەورەی سەردەمی ژیانی مولوی هەمو ئەوراستە قینەیان درکاندوە کە مولوی شاعێرکی هێژاو ماموستایەکی کەم وێنەیە بو نمونە ماموستای رەحمەتی حاجی توفیقی پیرەمیرد شاعیرو نوسەری بەناو بانگ لە تەمەنی ۷۵ ساڵیدا لە هونراوەیكدا بەم جورە باسی مولوی دەکا:

مەولەویم دی بو ئەوساکە مابو لە تافی پیری ئیستای منابو

ئەم چەن شیعرانەی بو بەجی هیشتوم ئەیکەم بە تاسەی عومرێ رابوردوم

بای مویەك تای موی سپیمی بە بادا ڕەشە بای پیری جوانی بە بادا

ئاخر بەهاری نەو جوانیمە ئەوەل پائیزی زیندەگانیمە

بەم جورە پیرەمردە دیوانەکەی مەولەوی شیعر بە شیعر خستوەیەتە سرزاراوەی سولیمانی لە دو بەرگا لە ژیر عونوانی (روحی مەولەوی) لە چاپ داوەو.

مەولەوی زور جار لەگەل روحیانەتی ئەولیاو عرفای پیش لە زمانی خوی‌دا رازو نیاز دەکاو بەوگوفت و لەفزە شیرینەی خوی آوزەنگی لە ئەسپی ئەندیشە دەدا چەپڵە لە کۆتری خەیاڵ دەکتی رازو نیازەکەی لەگەڵ روحیانەتی شیخ حسن مولاناودا نمونەیەکە لەو ظرافەتەیە.

بولبول گوڵشەن بی‌نام و ننگی نەزرو سر سرو باغچەی بی‌رنگی

نوختە ئینتهای دایرەی تمام نەی دەس نەی‌چی توطی دیای جام

یـانەی دڵو فـەیضڕای مـەولانادا تــــەوار تــــەرلان مــــەولانادا

مەولەوی لە نەثری فارسیشدا پلەیەکی بەرزی هەبوە شاهید بو ئەم أدعایەنامە بی‌نقطە کەیەتی کە بویەکەم جار بەخەتە جووانەکەی ماموستای رەحمتی سـید طاهیری هاشمی بەداخەوە لەم مەجلیسە داجیگەیان خالی‌یەلە گوڤاری ژمارە ۴ سروەدا کلیشەکراوە مەولەوی بەم نامەو بەم پارچە شیعرەی سەرەخوشی لەحەمە پاشای جاف کردوە.

ماموستا سید طاهیر دەنووسی: «بی‌گمان مەولەوی بو نوسینی ئەم نامە خوی توشە زەحمەت‌و سەخڵەت نکردوەوکتیب لوغەتی دانەناوە تا بە شوین وشەی بیٚ نوختەدا بگەریٚ هەر وەك نامە توختەدارەکانی ئەمەشی بە ڕەوانی‌و جووانی هیناوە مولوی‌و هۆی بی‌نوختەبونی نامەکەی بەم جورە ایظهار دەکا:

مـەیلەت ئـارەزوی ئـەغیار کـە دەبـیٚ چیش خامەکەت نام معدوم بـەردەبیٚ
بـــی‌منت جـــەمیل ئـــامای نــامەتم ممنون جە وەفای ڕەشـحەی خـامەتم
گــــەرمی بـلیسەی دەرون دەمـــاخ دیــوەلول ئــاخ دڵــەی پـورجـە داخ
ئەو بەردنەم نەچەم دیدەی پۆر جەدەرد ئید مالاروی حەرف خەیاڵ بی گـەرد
نــە قـەترە ئـەسرین مـندەن نـەچەمدا نە نوختە نە حـرف ئـینشای مـاتەم دا
عەرضە شاهیدەن خاص بـدیە پـیشدا حەرف نوختە دار نـە مـەندەن تـیٚشدا

بە شیك لە نامە بی‌نوختەکەی مەولەوی بەم جورە دەس پی‌دەکا:
کە من فەقط موقدەمەیی‌کی ئەخوینمەوە

**اسم الله العلا**

اول هر کلام کە صدور اهل کمال در سطور آرد واکمل واصح هر طور املح و هر سحر حلال کلك درر سلک گهر موسوم معدون محروم، محرر و مسطور دارد.

حمد هر حامد و هر مادح در گروه هر مسلم و در رهظ هر ملحد و کادح کرور در کرور در همه اعصار و دهور مر درگاه عالم آرامگاه لا اله الا الله را.

درود لامعدود و سلام لامحصور و لامحدود عدد کل داء و دواء مادام السمک و السماک و السماء مرسالار ملک ممدود و سردار محل محمور و کارگاه در علوم همه علماء آگاه محمد رسول ا... را .......... بەم جورە دەردەکەوی کە مەولەوی ئەدیبێکی هەرە بەرزە کە لە پەردەی تصوف و کلام، وەصفی دیمەنەکانی سرشتو هەروەها هالە پەردەی شاعیریکی زور وردی پیرتاشو نوکتەزان داخوی نواندوە بە جوریك کە زور شوینی بەرزی لە میدانی ئەدەبیاتی کوردیدا بوخوی تەرخان کردوەو بوە بە ماموستای ماموستاکان.

صەد رەحمەت لە توربەتی خاوینیو درودی خوا لە گیانی پاکی